

@ سندوقی دانیشتوانی نەتەوە یەکگرتووەکان - عێراق

توێژینەوە لەسەر کەیسی هاوکاری دارایی و دەرمانە

GBV Sub-Cluster Iraq

NOR CAP
OPERATED BY NRC

CWG CASH WORKING GROUP

UNFPA

# ڕادەستکردنی گرووپی هاوکاری دارایی مرۆیی لە عێراق

## کردارە گرنگەکان بۆ دڵنیابوون لە کەمکردنەوەو ڕێگەگرتن لە مەترسییەکانی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەری لە قۆناغی ڕادەستکردنەوە

# پوختە

بەپێی هەوڵە بەردەوامەکان بۆ دەرچوون لە قۆناغی هاوکارییە داراییە مرۆیەکان لە عێراق، لە ٢٢ ی حوزەیران وۆرکشۆپێکی دوو ڕۆژە لە شاری هەولێر بە بەشداربوونی زیاتر لە ٣٢ ڕێکخراو لە بواری توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەری (GBV) و گرووپی هاوکاری دارایی (CVA) بەڕێوەچوو. ئامانجی بەڕێوەبردنی ئەم دەستپێشخەریە دەستنیشانکردنی ئەولەوییەتەکانی قۆناغی گواستنەوە بوو لە بواری GBV و باسکردنی هاوکارییە داراییە مرۆییەکان و پاڵپشتی کۆمەڵایەتی بوو. ئەم پوختەیە بریتی بوو لە پێشنیارە باسکراوەکان کە لە ئەنجامی کۆبوونەوەکە داڕێژرابوون و تیشکی خستە سەر کارە گرنگەکان بۆ کارکردن بەرەو کەمکردنەوەی مەترسییەکانی GBV لە کاتی گواستنەوەدا بۆ یارمەتی زیاتری حکومەت لە بری گرووپی هاوکاریی دارایی مرۆیی ئێستا.




@ سندوقی دانیشتوانی نەتەوە یەکگرتووەکان - عێراق

# پێشینە

لەم ساڵانەی دواییدا، زەمینەی مرۆیی بەردەوام بووە لە پەرەسەندن لەگەڵ گرنگیدان بە چاکبوونەوە. هەرچەندە ژمارەی کەسانی پێویستیدار[1] بەردەوام بوو لە بەرزبوونەوە، بەڵام بودجەی مرۆیی کەم بووەوە، سەقامگیری بەردەوام بوو، و چارەسەری بەردەوام لە دەرەوەی پشتیوانی مرۆیی پێویست بوو.. لەم پێناوەدا لەسەرەتای ساڵی ٢٠٢٢هەماهەنگییە مرۆ یەکان گفتوگۆکانی دەستپێکرد بۆ پشکنین و لێکۆڵینەوەیان ئەنجام دا بۆ پرسی لابردنی هاوکاریە داراییە مرۆییەکان لە عێراق هاوکات لەگەڵ هەوڵی کاتیی قەرەبووکردنەوە. گرووپەکانی مرۆیی (کلەستەرەکان) و گرووپی کاری کاش (CWG) دەستیان کردووە بە پرۆسەی دیزاینی ستراتیجی دەرچوون کە دەبێ تا کۆتایی ساڵی ٢٠٢٢ جێبەجێ بکرێت، لەگەڵ پلاندانان بۆ ڕادەستکردنی هەندێک چالاکی و بەرنامە بە دامو دەزگاکانی حکومەت و گەشەپێدان. تیمی هاوکاریی دارایی (CWG) هاوکاری دارایی مرۆیی ڕێکدەخات، و یارمەتی ئەو کەسانە دەدات کە پێوەری لاوازی بژێوی و سەلامەتی بەرز پیشان دەدەن(هەموو ئەوانەی پەراوێزخراون و

1 بەپێی ڕاپۆرتی HRP ساڵی 2022ی عێراق، 2.5 میلیون کەس یارمەتی خێرخوازانەیان پێویستە. ئەمە 1.7 ملیۆن کەسی گەڕاوە و 180 هەزار ئاوارەی ناوخۆیی لە ناو کەمپەکان(IDP) و 550,000 IDP لە دەرەوەی کەمپەکان لەخۆ دەگرێت. (پەیامی پاشبنەما بۆ حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر کەمکردنەوەی یارمەتییە خێرخوازییەکان لە عێراق - HCT، مارسی 2022)

ئاوارەن) و ئامانجی ئەو لەخۆگرتنی ١٣٥,٠٠٠ کەس بووە لە ساڵی ٢٠٢٢دا. دابینکردنی هاوکارییە داراییە مرۆییەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٣ نادیارە بەڵام پێویستە ژمارەی گشتی کەسانێک کە بۆ یارمەتی سوودمەندن دەبێ بە شێوەیەکی بەرچاو کەمتر بێت. لەگەڵ ئەوەشدا پلانی پاراستنی کۆمەڵایەتی کە لەلایەن حکومەتەوە دانراوە سەرەڕای ئەوەی کە «ئامانجی بەکۆمەڵی»ی پێوەدیارە- بۆ پێدانی هاوکاری دارایی بە گشتی ئەو کەسانەی کە پیویستیان بەو هاوکارییە هەیە، وە گەلێک مەرج و سنووربەندی هەن و چەندین کێشەی هەیە کاتێک باس لە پێشکەشکردنی هاوکاری دارایی دەکرێت بۆ ئەو کەسانەی کە زۆرترین پێویستیان پێیەتی.[2] کەوایە، هاوکاری دارایی کە لە لایەن دامەزراوە خێرخوازییەکانەوە پێشکەش دەکرێن کەلێنێکی گەورە پڕ دەکاتەوە و بواری پاڵپشتی سەرەکی دابین دەکات بۆ خەڵکی بێبەش یان ئەوانەی حکومەت پاڵپشتیان ناکات.

بەپێی پلانی پێشنیارکراو بۆ رادەستکردنەوە CWG لە ئێستادا کار لەسەر ستراتیجێک دەکات و مەبەستیەتی هاوکاری دارایی مرۆییە بەردەستەکان ببەستێتەوە کە بڕیارە وردەوردە پەیوەست بکرێت لەگەڵ پلانی پاڵپشتی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای داهاتی گشتی بەردەست. لە کۆتاییدا، ئەمە دەتوانێت زەمینەی هاوکاری دارایی مرۆیی بکاتە خاڵێکی دەستپێک بۆ چارەسەری هەمیشەیی لە عێراق.[3]

مەترسییەکانی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەری (GBV) بە شێوەیەکی بەرچاو لە عێراق بەرزە. هەندێک لە باوترین شێوەکانی GBV بریتییە لە هاوسەرگیری بەزۆری / بەشوو دانی زوو[4] توندوتیژی خێزانی[5] و توندوتیژی سێکسی و هەراسانکردن و چەوساندنەوە، بەڵام هەر بەمانە نابەسترێتەوە.[6] ئافرەتان لە گرووپە پەراوێزخراوەکان یان ئاوارەکانی ناوخۆیی مەترسی زیاتریان هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی GBV لە ماوەی ژیانیاندا و لەوانەیە ئەستەمەکانیان زیاتر بێت بۆ ڕزگاربوون لە مەترسییەکانی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەری یان و خزمەتگوزاری پاراستن. گرنگە تێبینی ئەوە بکەین کە لە کاتێکدا گرووپی ڕێکخراوەکانی GBV بەنیازە بەشێک لە چالاکیەکانی خۆی ڕادەستی ڕێکخراوە ناوخۆییەکان و حکومەتی عێراق بکات، بە گشتی بۆدجەی تەرخانکراو بۆ GBV تەنیا دەگاتە ٧٪ لەژێر پلانی بەهانەوەچوونی مرۆیی ٢٠٢٢ HRP ٢٠٢٢. ئەم ڕێژەیە بە شێوەیەکی بەرچاو کەمترە لە نزیکەی ٧٠٪ کە لە ساڵی ٢٠٢١دا لە پلاندانانی GBV تەرخان کرابوو.

وەک هەر هەر کارێکی تر، شیکردنەوەی مەترسی پێویستە بۆ هاوکاری دارایی مرۆیی بۆ خۆلادان لە مەترسی خراپترکردنی بارودۆخی ئافرە تان و کچان. لە ماوەی رادەستکرنەوەکە دا و ناساندنی GBV بە گشتی زۆر گرنگترە لە هەموو کاتێک و هەبوونی ڕێگایەکی پراگماتیکی و هەستپێکراو بۆ «زیان» زۆر گرنگە.

2 نزیکەی 44 ملیۆن عێراقی لەئێستادا جۆرەها هاوکاری لەوەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی (CWG) لە ستراتیجی گواستنەوە وەردەگرن.

3 ئەمە هاوچەشکردنی یارمەتییە کاشە مرۆڤییەکان لەگەڵ یارمەتیەکانی حکومەت لە ڕووی بەهای گواستنەوە و مۆدێلی ئامانجدانان و هتد لەخۆ دەگرێت.

4 5,5% ی کچانی خوار تەمەن 15 ساڵ هاوسەرگیریان کردبوو، کەچی تەمەنی یاسایی هاوسەرگیری 18 ساڵە (داتای کۆمەڵی لاوەکی GBV).

5 46% ی ئافرەتانی خێزاندار لانیکەم ڕووبەڕوی یەکێک لە شێوەکانی خراپ بەکارهێنان بوونەتەوە لە لایەن هاوسەرەکانیانەوە (UNDAF 2014- GBV داتای کۆمەڵەی لاوەکی).

6 19,5%ی ئافرەتانی تەمەن 15-54 ساڵ لە شەقامدا و 18,9% لە بازاڕدا و 10,5% لە ئامێرەکانی گواستنەوەدا (داتای GBV Sub-Cluster) ڕووبەڕووی توندوتیژی بوونەوە.

# مەنهەج و بناغە

لە عێراق چالاکوانانی GBV و گرووپی هاوکاری دارایی (CVA) کارلێککردنێکی سنووردراویان هەبوو لە ساڵانی ڕابردوودا[7] و چالاکوانانی CVA وا دیارە هیچ جۆرە زانیارییەکی ئامانجدار(لەوانەش کەمکردنەوەی مەترسی و خۆپاراستن لە ماوەی پێشکەش کردنی هاوکاری دارایی )یان دەربارەی GBV لە گرووپە هاوئاهەنگیەکان بەدەست نەگەیشتووە. بەپێی هاریکاری لە نموونەی هاوشێوەکانی پێشوو و بەئامانجی باشترین ڕاهێنان[8] لە 22ی حوزەیران وۆرکشۆپێکی دوو ڕۆژە لەشاری هەولێر بەڕێوەچوو کە زیاتر لە 32 چالاکوانی بواری GBV و CVA کۆکردەوە. جگە لە هاندانی بەشداربووان و یارمەتیدانیان بۆ بەدەستهێنانی زانست لە بواری شارەزایی خۆیاندا، دەرفەتێکیش ڕەخسا بۆ بۆ هاوبەشکردنی بیرۆکەکان و دیاریکردنی ئەولەوییەتیەکانی و رادەستکردنەوە باسکردنی GBV سەرەکی لە هاوکاری دارایی مرۆیی /پاراستنی کۆمەڵایەتیدا. لە ڕاستیدا، ئەم هاریکارییە "پەیوەندی"یە دەرفەتێکی گەورەی ڕەخساند بۆ ناساندنی کردارە پێشبینییەکان لەگەڵ پەیوەندی بە کەمکردنەوەی مەترسی GBV لە هاوکاری دارایی، چ مرۆڤدۆستانە بێت چ لە چوارچێوەی پلانی پەرەپێدان و "پاڵپشتی کۆمەڵایەتی"دا بێت.



@ سندوقی دانیشتوانی نەتەوە یەکگرتووەکان - عێراق

7 لە هەوڵێکدا بۆ زیادکردنی کارلێککردنە سنووردارەکانی نێوان چالاکوانانی GBV و CVA لە عێراق، CWG و کۆمەڵەی لاوەکی GBV کۆمەڵێکی هاوبەشیان دروستکرد و پلانی کاری نەتەوەییان لە ساڵی 2021 <دا دارِشت. ئەم کارگەیە بەشێک بوو لەو چالاکیانەی کە لە پلانی کاری نیشتمانیدا ئاماژەی پێکرابوو.

8 بۆ زانیاری زیاتر لەسەر باشترین ڕاهێنانەکان بۆ کەمکردنەوەی مەترسیەکانی GBV لە CVA، سەردانی پاکسی بکەن.

# ئەنجامە بەدەستهاتووە سەرەکییەکان

لەبەرئەوەی تاکوو ئێستا ڕوون نییە کەی حکومەتی نوێی عێراق پێکدەهێنرێت و پلانی کاتی جۆراوجۆر لە ئێستادا لە قۆناغی داڕشتنیدایە، بڕیار وابوو کە بەرهەمی سەرەکی ئەم وۆرکشۆپە دەرچوون بێت بە لستێک لە فەرمان و ئەولەویەتی جێبەجێکردنیەکیان پێ بدریت لە پلانی ڕادەستکردنەوەکە دا. ئەم لیستە لە لایەن لایەنە سەرەکییەکان وەک UNCT و نەتەوە یەکگرتووەکان، حکومەت، ڕێکخراوەکانی گەشەپێدانی مرۆیی، لەنێویاندا بانکی نێودەوڵەتی پەسند و پشتگیری بکرێت.

## هاوکاری دارایی و مەترسیەکانی لەسەر GBV: پێشنیاری ئەولەویەت بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکانی GBV لەژێر ڕۆشنایی دابەزینی هاوکاری مرۆیی لە عێراق

### ئامانجدانان و تۆمارکردن بۆ پلانی CVA:

مەزندە دەکرێت لانیکەم یەک ملیۆن کەس لە عێراق بەڵگەنامەی مەدەنی و یاساییان نەبێت یان کێشەیان هەبێت بۆ نوێکردنەوەی بەڵگەکانیان (وەک ئەو کەسانەی کە گەڕاونەتەوە شوێنی نیشتەجێبوونی سەرەتایی خۆیان)[9]. ئەمە بەگشتی کاردەکاتە سەر ئاوارەکان، ئەوانەی لە کەمپەکانن و کەمینەکان و بێوەژنەکان. سەرەڕای ئەوەی کە ڕێکخراوە خێرخوازییەکان بەردەوامن لە دۆزینەوەی ڕێگەکانی یارمەتیدان بە کەسانی حەوجێ، لەم قۆناغی ڕادەستکردنەدا لەوانەیە زۆرینەی ئەوانەی ئێستا یارمەتی وەردەگرن، لەو لیستە بێنە دەرەوە کە حکومەت ئامادەی دەکات. ئەمە ناخۆشە بەتایبەتی بۆ هەندێک لەو ئافرەتانەی کە لەبەردەمی مەترسی و توندوتیژی دان وەک ڕزگاربووانی GBV و گرووپە کەمینەکان و ئافرەتانی سەرپەشتی خێزان کە پەیوەندیان هەیە بە سەربازانی پێشووی داعشەوە. کەوایە زۆر گرنگە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئافرەتان بەتایبەتی ئەوانەی کە کێشەی گشتگیریان هەیە دەتوانن ناویان تۆمار بکەن بۆ پلانی هاوکاری دارایی حکومەت.

**هەوڵەکان:**

- بەزووترین کات دەست کردن بە گفتوگۆ لەگەڵ حکومەت و چالاکوانە پەیوەندیدارەکانی تر بۆ ئەوەی ڕێگە بە دیاریکردنی کەسی زیاتر بدەن بۆ یارمەتیدانی کاش. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم گفتوگۆیانە بەکاربێنن بۆ داکۆکی کردن لەهاوکاری دارایی بۆ ئەو ئافرەتانەی لەبەردەمی مەترسی دان و بەڵگەنامەیان نیە و/یان ئەو ئافرەتانەی سەرپەرشتی خێزانن. بۆ ئەولەوییەت پێدانی گرووپە بێبەرگەکان پێویستە پێوەری لاوازی ڕوون پێناسە بکرێت.
- چالاکوانانی خێرخواز دەبێ بتوانن سوودبەرەکان زیاد بکەن بە لیستەی پلانی "یارمەتیدانی کۆمەڵایەتی"یەوە. ئەمە لەوانەیە بە دووبارەکردنەوەی "نووسینگەی تۆماری کۆمەڵایەتی" (بەپێی یاسای تازە- دانراوی پەرلەمان) یان بەکارهێنانی بنکەی داتای ئاژانسەکانی تر لەخۆ بگرێت.

9 پەیامی پاشبەند بۆ حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر دابەزینی یارمەتییە مرۆڤیەکان لە عێراق. HCT، مارسی 2022.

## گواستنەوە بۆ بواری بەڕێوەبەرایەتی حکومەت:

لە سیناریۆکەدا کە حکومەت دەست بەسەر هاوکاری دارایی دەگرێت، پرسیار هەیە لە رۆڵ و توانای ستاف و نهێنی داتا و شەفافیەت و لێپرسینەوە. سەرەڕای ئەوەی کە بەرپرسیاریەتی جێبەجێکردنی وتووێژەکان لە ئەستۆی بەرپرسانی وەزارەتی کار و باری کۆمەڵایەتی (MoLSA)یە، دەبێ دڵنیایی بە دەست بهێنرێت لەوەی کە موختارەکان و لایەنی پەیوەندیدار کاریگەریان لەسەر پرۆسەی ناسینی سوودبەران نیە یان دەستیان ڕاناگات بەو لیستانە (کە پێشتر لە ڕابردوودا ڕوویانداوە). سەرەڕای ئەوەی کە ڕێکخراوە خێرخوازییەکان بێلایەن و بەرپرسیار دەبینرێن، ئەوە مەزەندە دەکرێت کە **30% ژنانی سودمەند نایانەوێت لە کاتی دەستبەسەرداگرتنی حکومەتدا ڕەوانەی پلانی کۆمەڵایەتی حکومەت بکرێن بە هۆی ترس، سکاڵا، یان هۆکاری تری کۆمەڵایەتی-ڕامیاری**[10]، و ئەم بابەتەش نەبوونی متمانەی گشتی زیاتر دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا، لەبەرئەوەی GBV دەدرێت ڕادەستی ڕێکخراوە ناوخۆییەکان وحکومەت دەکرێت، خەمی ئەوە هەیە کە "میکانیزمەکانی سکاڵا و کاردانەوە" (CFM)ی هەنووکەیی و میکانیزمەکانی ئاماژەپێدان بە شێوەیەکی بەرز نەپارێزرێن.

### هەوڵەکان:

- گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتدا بکرێت بۆ دیاریکردنی پێداویستیەکانیان/ کەلێنەکانیان و دیاریکردنی خاڵەکانی چوونەژوورەوەی کە تێیدا داکۆکی لێ دەکرێت و کارمەندان دەتوانن ڕاهێنانیان پێ بکرێت و لێپرسینەوەیان لێ بکرێت و یاسا مرۆییەکان بەرزبکرێتەوە و هتد.
- بەپێی ئەو ئەنجامانەی دەست دەکەون، پێویستە ستافی حکومەت ڕاهێنانی تەواوی تواناسازی لە بنەماکانی پاراستن، بنەما بنەڕەتیەکانی PSEA ، GBV و ناسینەوەی و ناردنی سەلامەتی کەیسەکان بەدەست بهێنن.
- یارمەتیدانی گشتگیری بەرفراوان پێویستە لەگەڵ موختارەکان و نوێنەرانی IDP و دەسەڵاتدارانی ناوخۆ ئەنجام بدرێت. پێویستە کەرەستەی (میدیا) و هۆشیاری و پەیوەندیکردن دابڕێژرێت (بە ڕەچاوکردنی پێداویستییەکانی زمانەکان و فۆرماتەکان). لەم بوارەوە، CWG پێشتر کاری کردووە لەسەر لێپرسینەوە بەرامبەر بە دانیشتوانی زیانلێکەوتوو/ستراتیژی میدیا[11] کە دەکرێ بەکاربهێنرێت.
- دڵنیابوونەوە کە کەناڵەکانی پەیوەندی و CFM هێشتا بەردەستن و کار دەکەن. بانگەوازکردن بۆ بەردەوامبوونی کارەکانی هێڵی ڕێنمای UNOPS بۆ ئەوەی چالاک بمێننەوە ئەگەر بۆدجە کەمی هێنا، پێویستە جێگرەوەکان لە جێی خۆیان دابنرێن.

---

10 بانکی جیهانی لەم دواییەدا وتارێکی توێژینەوەیی لە (جونی 2022)دا بڵاوکردەوە کە تیشک دەخاتە سەر ئەوەی نزیکەی یەک لەسەر سێی بنەماڵە عێراقییەکان کە شیاون ڕەنگە بە هۆی ترس، سکاڵا یان هۆکاری تری کۆمەڵایەتی-ڕامیاری نەیانهەوێ خۆیان بۆ پلانی پاڵپشتی حکومەت بناسێنن. چۆن دەکرێت ئاوارە ناوخۆییە بێبەرگەکان لە یارمەتی مرۆڤیەوە بگوازرێنەوە بۆ پلانی پاراستنی کۆمەڵایەتی؟ بەڵگەکانی عێراق وتاری توێژینەوەیی بانکی جیهانی جونی 2022.

11 دەتوانن پاکێجی پەیوەندی MPCA لەم ناونیشانییەدا بدۆزنەوە: https://www.humanitarianresponse.info/en/operations/iraq/document/mpca-communication-package

## دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە داراییەکان و و بازاڕەکان:

سەرەڕای ئەوەی زۆربەی خاکی عێراق بۆ ڕێکخراوە مرۆڤیەکان بەردەستە، ئەو ئافرەتانەی لەبەردەمی مەترسی دان کێشەی دووری ڕێگە و کەموکوڕی گواستنەوەیان هەیە. لەبەر ئەوەی ڕزگاربووانی GBV بەگشتی لەکەدار دەبن، بە هۆی مەترسییە شاراوەکان زۆرجار سەردانی بنکەکانی دانی پارەی کاش ناکەن. پرسی دزیش لەو ئافرەتانەی لەبەردەمی مەترسی دان، گرنگە. سوودبەران لەمە دەترسن ئەم مەترسیيانە لە ماوەی گواستنەوەکەدا زیاد بکات، لەبەرئەوەی لەم ماوەیەدا هەمەچەشنی (ڕەگەز و نەتەوە)ی چالاکوانانی هێڵی پێشەوە کەم دەبێتەوە و ئەمە لەوانەیە ببێتە هۆی جیاوازی و دوورخستنەوەی زیاتر لە بنکەکانی ڕادەستکردنی پارەی کاش. زۆر گرنگە دڵنیا بین لەوەی کە دەستڕاگەیشتن بە یارمەتی کاش بۆ هەمووان سەلامەتە، بە تایبەت بۆ ئەو ژنانەی کە مەترسی توندوتیژی زیاتریان لەسەرە.

### هەوڵەکان:

- فەرمانبەران (بەتایبەتی دابینکەری خزمەتگوزاری دارایی، یان (FSP)یەکان، ئەوانەی کە لەڕاستیدا چالاکوانانی هێڵی پێشەوەن) پێویستە سوود وەگرن لەڕاهێنانی بنەڕەتی GBV/ PSEA. ئەوکاتە، هاوسەنگی ڕەگەز و هەمەچەشنی لە گرووپەکاندا پێویستە. پێویستە خاڵەکانی تیشکۆی GBV دیاری بکرێت و پێویستە هەمووان ”دەستووری ڕەوشت“ واژۆ بکەن.
- پێویستە پارەی ئەلەکترۆنی وەک بژاردەیەک پێشکەش بکرێت، بەکارهێنانی پارەی ئەلەکترۆنی سوودبەران بەتوانا دەکات تەنها ئەو بڕەی کە پێویستیانە دەربێننەوە (بە بەراورد بە کاتی بەکارهێنانی حەواڵە، کە لە ڕێگەیەوە هەموو یارمەتیەکان یەکجێ دەدرێت). بەم شێوەیە مەترسییەکانی دزیکردن بە شێوەیەکی بەرچاو کەم دەبێتەوە.
- دەبێ بەشداربوون و ڕاوێژکردن لەگەڵ کۆمەڵگاکان و دەسەڵاتدارانی ناوخۆدا لەوانە لەگەڵ کەمینەکان و ئەو گرووپانەی لەبەردەمی مەترسی دان، ئەنجام بدرێت. لە گفتوگۆکانی گرووپی تیشکۆ (FGDs)دا هەروەها پێویستە لە باشترین ڕێگاکان بکۆڵنەوە بۆ پەیوەندی کردن (کەناڵ، فۆرمات، زمان، هتد) و پێویستە گفتوگۆ بکرێت لەسەر چۆنیەتی دڵنیابوون لەوەی کە گەیاندنی پارەی کاش بۆ هەمووان پارێزراوە.

## نهێنی و داتاکان:

گواستنەوەی داهاتوو چەندین پرسیار لەگەڵ ڕەچاوکردنی بەڕێوەبردنی داتا دروست دەکات. لە ڕاستیدا، هێشتا زۆر ڕوون نییە کە بۆ پرۆتۆکۆلی داتا بۆ دڵنیابوون لە نهێنی و نەهێشتنی ساختەکاری و گەندەڵی لە کۆکردنەوە و هاوبەشکردنی داتاکان کام یەک لە پرۆتۆکۆڵەکان بەکار دەهێنرێن. سوودبەران مەترسی خراپ بەکارهێنانی داتایان لە لایەن فەرمانبەران و چەوساندنەوە و خراپ بەکارهێنانی لەلایەن FSPیەکانەوە وەک کێشەی سەرەکی باس کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم پرۆسە کاتییە، لەوانەیە کەموکوڕی زانستی دامەزراوەیی و وەڵامنەدانەوەی بەدواوە بێت کە ئەمە کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر ئەو ئافرەتانەی لەبەردەمی مەترسی دان. دەبێ بەڕێوەبردنی داتای بەهێز لە کاتی گواستنەوە و دوای گواستنەوەدا ڕێکبخرێت بۆ دڵنیابوون لە نهێنی زۆربەی سوودبەرە بێبەرگەکان.

### هەوڵەکان:

- هەڵسەنگاندنی توانای هەنووکەیی ستافی حکومەت لە بەرپرسەکان و بۆشاییە شاراوەکان سەبارەت بە بەڕێوەبردنی داتاکان. بە گوێرەی ئەمە، پێویستە پلانی تواناسازی دابنرێت و هاوبەشکردنی ئامرازەکانی بەڕێوەبردنی داتا (پرۆتۆکۆڵەکان، سیستەمی بەڕێوەبردنی زانیاری و هتد) ئەنجام بدرێت.
- هاوکات، دەبێ پرۆتۆکۆڵی هاوبەشکردنی داتا لە نێوان چالاکوانانی یارمەتی کاشی خێرخوازانە و حکومەت دابنرێت پێش ئەوەی پرۆسەی گواستنەوە پەسەند بکرێت. بەم شێوەیە حکومەت و چالاکوانانی هێڵی پێشەوە دەتوانن باشتر یاساکانی نهێنی و پرۆتۆکۆڵەکان ڕەچاو بکەن.
- ئەگەر گونجاو بێت، لایەنە بێلایەنەکان - وەک چالاکوانە خێرخوازەکان - دەبێ چاودێری بکەن و پشکنینی خاڵی زانیاری ئەنجام بدەن لە ماوەی گواستنەوە و دوای ئەوە.




@ سندوقی دانیشتوانی نەتەوە یەکگرتووەکان - عێراق

## کاریگەری هاوکاری دارایی لەسەر توندوتیژی لە ماڵەوە یان لە کۆمەڵگەدا:

هەروەک ئاماژەی پێکرا، عێراق ڕێژەی بەرزی توندوتیژی بەرامبەر کچان و ئافرەتان هەیە بەتایبەتی لەڕێگەی هاوسەرگیری پێشوەختەوە و توندوتیژی خێزانی و هەروەها توندوتیژی ئابوورییەوە. لە ڕاستیدا، بەڵگە گێڕدراوەکان دەڵێن ئافرەتان هەندێک جار ناتوانن ئەو پارەیەی وەریدەگرن بە ویستی خۆیان خەرج بکەن. هەندێجار بۆ دەستڕاگەیشتن بە یارمەتی کاش و لە بازاڕبوون "ئیزن"ی سەرپەرشتی بنەماڵە پێویستە. لە بارودۆخی وەهادا، کوڕان بۆ خەرجکردنی پارە ئەولەوییەتیان بەسەر کچاندا هەیە. شایانی باسە بەشێکی زۆری بنەماڵە بێبەرگەکان[12] قەرزدارن و نرخی پلانی پاراستنی کۆمەڵایەتی حکومی کەمترە لەو بڕی یارمەتی کاش کە ئێستا لەلایەن ڕێکخراوە خێرخوازییەکانەوە دابین دەکرێن. هەربۆیە چاوەڕوانی دەکرێت کە پرۆسەی گواستنەوە وا بکات بۆ کەسانی زیاتر پشت بە میکانیزمە خراپەکانی گونجاندن ببەستن بۆ مانەوە. یارمەتی دەبێ وەها دیزاین بکرێت کە ڕەچاوی دینامیکی ڕەگەزی و مەترسییەکانی GBV لەناو خێزان دا بکات.[13]

**هەوڵەکان:**

- سودمەندان دەبێ سەربەستانە کەسێکی تر بناسێنن بۆ وەرگرتنی یارمەتیە کاشەکان (ئەگەر وەرگرتنی یارمەتی کاش وا دەکات گیانیان بکەوێتە مەترسییەوە). لە بابەتی دیاریکراودا، دەبێ بژاردەی وەرگرتن لە ماڵەوە لەبەرچاو بگیرترێت.
- بۆ کەمکردنەوەی ئەگەری توندوتیژی لە ماڵەوە، پشکنین بکەن بۆ توانایی دیاریکردنی پیاو یان ژن لە بنەماڵەدا بۆ وەرگرتنی یارمەتییەکە.
- هاریکاری لەگەڵ موختارەکان و و نوێنەرانی IDP و دەربارەی GBV و هاوکاری دارایی زانیاری پێشکەش بکەن. خاڵی تیشکۆی GBV لە ئاستی حکومەتی ناوچەکە (DoLSA) لەخۆ بگیرێت.
- دڵنیابوون لەوەی کە ناردنەدەرەوە بەپەلە و ڕزگارکەرەکانی GBV گونجاون تەنانەت لەگەڵ سەرچاوە سنوردارەکان و ئەوەی کە نەخشەیەکی نوێکراوەی خزمەتگوزاری هەیە کە لە هەر هەرێمێک ئەنجام دراوە، هەم لە کاتی گواستنەوە و هەم دوای گواستنەوەکە.

12 نزیکەی 80%ی دانیشتوان قەرزدارن، لەگەڵ ئەمەشدا، لەسەر بنەمای PDMەکانی ئەم دواییە، قەرزەکان دووەمین بابەتی خەرجی سوودبەرانی MPCA پێک دێنن (داتاکانی CWG).

13 بۆ بەدەستهێنانی زانیاری دەربارەی یارمەتی کاش (پلانەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی) و «توندوتیژی هاوسەر» سەردانی https://ebrary.ifpri.org/digital/collection/p15738coll2/id/135938 بکەن.

# پێشنیارە گشتییەکان

- ئەم دۆکیومێنتە و سەرچاوەکانی تری سەرەکی بە زمانی کوردی و عەرەبی دەبێت دابەش بکرێت بۆ دڵنیابوون لە تێگەیشتنی ناوخۆیی.
- بەردەوام هاریکاریکردن لەگەڵ چالاکوانانی بواری ڕێگەچارە درێژخایەنەکان. بۆنموونە هەماهەنگی گەشەپێدانی مرۆڤی و پرۆگرامی هاوبەشی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبەرچاو بگرن کە بە گشتی ئامانجیان دڵنیایی دەستراگەیشتنی هەموو کەسانی بێبەرگەیە بە پلانی پاراستنی کۆمەڵایەتی تاکوو ساڵی 2025. هەروەها دڵنیابوون لەوەی کە ڕێکخراوە ناحکومییە نەتەوەیی و نێودەوڵەتییەکان لە گفتوگۆکانی گواستنەوەدا بەشدار دەبن.
- بۆ ئەم بوارانەی خوارەوە لەگەڵ حکومەت هاریکاری بکەن: بەهێزکردنی لێپرسینەوە و خاوەندارێتی لە پرۆسەکەدا و دڵنیابوونەوە لە تەرخانکردنی کات و ئاسانکاری تەواو لە گفتوگۆ پەیوەستەکاندا و گۆڕینەوەی زانیاری لە نێوان چالاکوانانی یارمەتی کاش و چالاکوانانی "پاراستنی کۆمەڵایەتی"دا. ئەگەر بکرێت، داوا بکەن لە هاوپەیمانەکان کە چاودێری پرۆسەی گواستنەوە بکەن.

# دەرئەنجام

لە کاتی نووسینی ئەم پلانە پێناسەکردنی هەنگاوەکانی رادەستکردنی گرووپی هاوکاری دارایی مرۆیی ناروون بوو و چونکە حکومەتی عێراق هێشتا پێک نەهاتبوو. بەردەوام لەبیرتان بێت کە هاوکاری دارایی بە هەر شێوەیەک داڕێژ بکرێت، دەبێت بۆ بەهاناوەچوونی کت و پڕ ئامادە بێت لەبەردەم هەموو ئەو ئاڵوگۆڕییانەی لە ناوچەکە و داهاتووی وڵاتدا روودەدەن، وەک گۆڕانکاری کەش و هەوا و جم و جۆڵی پەیوەندیدار بە دانیشتوان. لەگەڵ بەرزبوونەوەی نرخی سووتەمەنی و ئاوسانی دەبێت حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانی گەشەپێدان پێکەوە هەوڵ بدەن بۆ دۆزینەوەی ئامرازەکان بۆ فراوانکردنی پلانی پاراستنی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی سەلامەت و شکۆدار بۆ هەموو کەسانی حەوجێ. پێویستە نوێنەرانی ئافرەتان و گرووپە پەراوێز خراوەکان بەشداری پێ بکرێن لە لە گفتوگۆکانی پلان دانان.

GBV Sub-Cluster Iraq

NOR CAP

OPERATED BY NRC

CWG CASH WORKING GROUP

UNFPA

*بەرەو جیهانێک کە پشتگیری هەموو دووگیانییەک بکات لە هەمان کاتدا منداڵبوونێکی سەلامەت بۆ هەموو حاڵەتەکان دابین بکات و توانای گەنجان و ژنان بەدی بهێنێت*


**ئامادەکاری**
**نووسینگەی مرۆیی**
**بۆ سندوقی دانیشتوانی نەتەوە یەکگرتووەکان،**
و گروپەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی
لەسەر بنەمای جێندەری لە عێراق،
و تیمی دراوی فرە مەبەستی عێراق

ئەیلول 2022



ho-cva@unfpa.org


www.unfpa.org
twitter.com/unfpa